# "ئێواره دەتووت گوێزی ساغە, کەچی بەیانی چاوی هەڵنەهێنا"
# شەڕ و لەش

**پێشەکییەکی کورت:**

**نووسینی ئۆرزین کیبۆ**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی لە سویدییەوە بەکر ئەحمەد**

*لەسەرەتای مانگی ئایاری 1997دا, بەشی کولتوری ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادێت کە گەورەترین ڕۆژنامەی ئێوارانی سویدە, سەردانێکیان کرد بۆ شاری سەرایێڤۆ. ئەنجامی سەردانەکە بریتی بوو لە 12 ڕیپۆرتاژی هەمەڕەنگ لەسەر کاروباری هونەری و ئەدەبی هونەرمەندانی ئەو شارە لەژێر ئاسمانی جەنگی بۆصنییەدا.*

*ئەم وتارەی لێرەدا دەیخوێننەوە, وەرگێڕدراوی وتارێکی " ئۆرزین کیبۆ" یە کە خاوەنی کتێبی بەناوبانگی :" بەخێربێن بۆ سەرایڤۆ, بەخێر بێن بۆ دۆزەخ" ە.*

*کیبۆ لەم وتارەدا, لە گۆشەنیگایەکی ترەوە, کارکردە سایکۆلۆژیەکانی جەنگ دەخاتە ڕوو.ئەویش لەڕێگەی دۆزینەوەی ئەو هاوکێشە نەنووسراوەی کە لەشی ئینسان خود بە خود ملکەچی دەبێت و ئاڵوگۆڕێکی تازە ئەندامەکانی لەشدا دروستدەکات.*

*دەقی سویدی وتارەکە, لە ڕۆژی 12 ئایاری 1997دا لە ڕۆژنامەی ناوبراو لەسەرەوەدا بڵاوکراوەتەوە. ء*

- **منداڵی سەر سپی لە ڕۆژانی ئاشتیدا نەدەبینرا, بەڵام لە ژێر ئاسمانی جەنگدا هەموو شتێك دەکرێ ڕووبدات, زۆر بە پەلە و زۆر کت و پڕ. منداڵێك کە بۆمباران یان دەرگیرییەکی سەربازی بەچاوی خۆی دەبینێ, خوشك یان دایکی خۆی بەبەرچاویەوە لاقەدەکرێن, یان قەمەیەکیان بەردەکەوێت, بۆ بەیانی ڕۆژی داهاتوو, ڕەنگی قژی سپی دەبێ.**

- **ئینسان وەکو کیسەڵ ڕەفتار دەکات, بە تایبەت کە هەست بە مەترسی دەکات. کاتێك بۆمباران دەستپێدەکات, ملی خۆی دەکێشێتەوە نێو شانەکانی. تاکە جیاوازییەك کە لە نێوان ئینسان و کیسەڵدا هەیە ئەوەیە کە : ئینسان بەرگێکی ڕەقی وەکو کیسەڵ داینە پۆشیوە.**

- **هیچ کەسێك لە مردن ناترسێت, هەموو لە نووقسان بوون و لەکارکەوتنی یەکێك لە ئەندامەکانی لەشیان دەترسن. لە هەڵبژاردنی نێوان مەرگ و لەدەستدانی ئەندامێکی لەشدا؛ ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هەڵبژاردنی وا لە توانادا بێت, ئەوا زۆر بە دڵنیاییەوە مردن هەڵدەبژێردرێت.**

- **لە ساڵی 1992دا, بۆ یەکەمین جار لەشی خۆم کاردانەوەی سەرنجدانێکی پڕ مانای لەلا دروستکردم. کاتێك پارچە تۆپێك قاچمی پێکا, گەیاندمیانە خەستەخانە. ئەو کاتە هەموو شار لە ژێر مەترسی خەستترین بۆمباراندا بوو. لە ماوەی کاتژمێرێکدا, پەنجا کەس دەهێنرانە خەستەخانە. دوکتۆرەکان بەبێ وەستان کاریان دەکرد و هیچ دەرفەتێکیان نەبوو کە**

نەشتەرگەری هەموان بکەن. بۆیە ئینسان بڕیاری:" کێ لە پێشترەی" دەدا. ئەگەر کەسێك لەسەرووی 30 وە بوایە, قاچێکی یان دەستێکیان دەبڕییەوە. ئەگەر کەسێك گەنجتر بوایە, کارێکیان دەکرد یارمەتی بدەن. پیرەژنێك کە لە دوا ساتەکانی ژیاندا بوو, لە تەنیشت قەرەوێلەکەی منەوە ڕاکێشرابوو و داوای یارمەتی دەکرد. بەڵام دکتۆرەکە لە وەڵامدا وتی:" زۆر بە داخەوەین, بەڵام ئەها ئەو کچە لە پێشترە, ئەو گەنجترە."

- لەلایەن مارکۆ ڤیسۆڤیچەوە تۆمارکراوە: کت و پڕ دوای بۆمبارانێك, شۆفێرێك کە بە سنگەخشکی خۆی ڕادەکێشا, خۆی لەناو بریندارەکاندا بینیەوە. کاتێك چاوی بە کیژۆڵەیەك دەکەوێت کە لە خوێنی خۆیدا گەوزاوە, هەڵیدەگرێت و دەیخاتە ناو ئۆتۆمبیلەکەی. کیژۆڵەکە هەر دەگری:" مامە گیان تۆ لەبیرت چوو قۆڵە پەڕیوەکەم بێنیت"

- لەلایەن مارکۆ ڤیسۆڤیچەوە تۆمار کراوە: پیاوێکی بریندار , لە دوای بۆمبارانێکی سەخت خۆی دەگەێنێتە تاکسییەك و بە دەستی چەپی, قۆڵی پەڕیوی ڕاستی خۆی هەڵدەگرێ. پیاوەکە داوای لێبووردن لە شۆفێرەکە دەکات: بمبوورە! دەترسم ماشێنەکەت بە خوێن پیس کەم.

- کۆمەڵێك ئینسانی پەککەوتە لە شەقامێکدا لەسەر کورسییە چەرخدارەکانیان دانیشتوون. زۆربەیان قاچێك یان هەردووکیان نەماوە. مناڵێك لە یەکێکیان دێتە پێشەوە و ئایس کریمێکی دەداتێ. پیاوەکە دەداتە پرمەی گریان.

- کە بۆمباران دەستپێدەکات, چ برسێتی و چ سەرما, لە یادی کەسدا نامێنێت.

- لە برسێتیدا ئینسان دەتوانێت زیاتر خۆی ڕابگرێ وەك لە سەرمادا.

- لە سەرمادا ئینسان %3 لە باری ستوونییەوە دەچێتەیەك. %2 لەباری ئاسۆییەوە و %50 لەباری ڕۆحییەوە.

- هەموو ڕۆژێك خەڵك بە خۆیان و سەتڵی ئاوهێنانەکەیانەوە لە سوڕانەوەدان. کچێك کە من دەیناسم, دەترسێ لە دوای جەنگیش, قۆڵەکانی وەکو قۆڵی مەیموون هەروا بە درێژی بمێنێتەوە.

- بۆ ژنێکی بەتەمەن هەروا ئاسان نییە. ئەو هەمووڕۆژێك چەند کیلۆ مەترێك سەتڵی ئاوهێنانەکەی هەڵدەگرێت. ڕۆژی چەند کاتژمێرێك داردەبڕێت. بەڵام لەشی هەر لەباری ئاسایی خۆیدایە. کاتێکیش کارەبا دێتەوە, ئیتر ئاوهێنان و داربڕین کۆتایی دێت. بۆیە لەشی دەحەوێتەوە و بەرە بەرە هەست بە لاوازبوون دەکات. پاشانیش نەخۆش دەکەوێت. بەڵام هەر

هێندەی کارەبا دێتەوە، ئیتر ناچارە لە کۆششی ئاوهێنان و داربڕینەوەدا بێت. بۆیەش ئەو ڕۆحییەتە پیرانەیەی دووبارە دەبووژێتەوە.

- ئەمە هیچ یاسایەکی گشتی نییە، بەڵام لە سایەی جەنگدا ڕوودەدات. ئەو کەسانەی نەخۆشن، چاکدەبنەوە و ئەوانەیشی لەش ساغن، نەخۆشدەکەون. کابرایەك دەناسم، بەر لە جەنگ دوو جار نەشتەرگەری دڵ کرابوو و بە زەحمەت دەیتوانی خۆی بجوڵێنێت. بەڵام کاتێك یەکەمین دەستڕێژ دەستی پێکرد، دەستی دایە تفەنگێك و بە درێژایی چوار ساڵی شەڕ، کەس لە توانا و لەش ساغی ئەودا نەبوو.

- ئینسانێکی زۆر خۆر: ئاخ ئەگەر بمتوانیایە یەك کەڕەت تا دەمتوانی بمخواردایە، ئەوسا ئیتر ئامادەبووم زۆر بەختەوەرانە بمرم.

- کەسێکی پۆشتە وپەرداخ: ئەگەر بمتوانیایە وا خۆم بشۆردایە کە خۆم دەمویست، بەر گوللەی تۆپێکیش بکەوتمایە باکم نەبوو.

- لە دەفتەری کەسێکی ئارەزوومەندی سێکسدا: ئەگەر بۆم بکرایە و هەر یەك کەڕەت لەگەڵ ئادیلادا ڕامبواردایە، بە کامەرانییەوە ئامادە بووم بۆ یەك هەفتە نانم نەبێ.

- گوێچکەکانمان زۆر هەستیار بوونە. بێ کارەبا، بەبێ ڕادیۆ، بەبێ تۆمار و تەلەفیزیۆن، گوێمان تا بێ سووکتر دەبێ. ئەگەر هەر تۆزێك گوێهەڵخەم ، دەتوانم لە دووری کیلۆمەتر و نیوێکەوە، گوێم لە دەنگی کەڵەشێرێك بێت کە دەخوێنێ.

- لە دوای جەنگ ژمارەیەکی بێ شوماری نەخۆشی زیاددەکات. دەوڵەت هەر لە ئێستاوە زەندەقی لەو خێرا بڵاوبوونەوەی نەخۆشی شێرپەنجە چووە کە لە ماوەی دوو هەفتەدا ئاسەواری ئینسان ناهێڵێتەوە. پسپۆڕان لەو بڕوایەدان کە جەنگ جۆرێك لە بەرگری تایبەتی لە لەشدا دروستدەکات. بەڵام هەر کاتێك جەنگ کۆتایی هات، لەشی ئینسان وورده وورده بەرە و حەوانە و ئلرام بوونەوە دەڕوات. میکرۆبیش خانەخوێیەکی ئازاد و بێ بەرهەڵستی لە چاوەڕواندایە.

14ی ئایاری 1997